# ئەگەر لەشکری سەددام ئەمریکاماندووبکات، ئەوە پێشمەرگە لەشکری تورکیا دەبەزێنێ

هشام ئاکرەیی

گومان لەوەدا نیە کە ئەمریکا بەهێزترین وڵاتە و باشترین چەکی هەیە وپێشکەوتووترین تکنولوجیای سەربازی بەکاری دێنێ. هەر لە بەر ئەو هێزەش زۆربەی وڵاتانی جیهان گوێ رایەڵی ئەون و ناتوانن لە سیاسەت و نەخشەکانی ئەمریکا دایرێشتوون بۆ جیهان دەرکەون.

تاوەکوو ئەمریکا توانی ئەم وێنەیە بۆ خۆی دروست بکات و باوەڕی خەڵکی پێی بکات، چەندین شەڕی بەرپاکرد و ڕاگەیاندنی زەبەلاحی خۆی خستە گەڕ. ئاوڕدانەوەیەک لەو شەڕانەدا بدەین، بۆمان دیار دەبێت کەوا ئەمریکا لەو شەڕانەدا سەرکەوتووە کە پەیوەندیان بە ئازادیەوە نەبووە. بۆ نموونە ئەمریکا لە کوبا، ڤیەتنام و سوماڵ دۆڕاندی و لە هەندێ وڵات بردیەوە کە زیاتر وەک کودەتایەکی سەربازی بوون وەک هایتی و پەنەما.

شەڕی کەنداوی دوەم کە زیاتر ناسراوە بە شەڕی کوێت، تاقیکردنەوەکی سەربازی تری ئەمریکا بوو تا وەکوو توانای سەربازی خۆی بچەقێنێت لە دوای ڕۆخانی یەکێتی سوڤێتی کۆن. بەو شەڕەش ئەمریکا زاڵ بوونی سەربازی و ئابووری خۆی ئاشکرای کرد و بووە سەنتەری بریار لە جیهاندا. شەڕی ئەم دوایەی ئەفغانستانیش وەک بەڵگەیەکی تر بوو گەورەیی ئەمریکا دانرا. ڕاستە ئەمریکا ساڵی ١٩٩١دەیتوانی سەددام لەناو ببات و ڕژێمەکەی بڕۆخێنێ، بەڵام ناتوانین نەمانی ڕژێمی تالیبان لە ئەفغانستان لە سەر دەسەڵات بە سەرکەوتن بۆ ئەمریکا دابینێین چونکە تالیبانەکان هێشتا وەک هێزێکی سیاسی و سەربازی ماون و بەهەزارەها سەربازی ئەمریکا و وڵاتانی تری ئەوروپا خەریکی بەرەنگاربوونەوەو شەڕن لە گەڵ باشماوەی تالیبانەکان.

ئەم زلهێزە تاقانەیە وەک بەردەوامیەکی شەڕی تەواونەکراوی ساڵی ١٩٩١، بۆ ماوەی دە ڕۆژە خەریکی شەڕە لەگەڵ ڕژێمی عێراق و دەیەوێ سەددام لەسەر دەسەڵات لا ببات و چەکە کۆکوژەکانی لە ناو ببات. بەڵام ئەمریکا بەو هەموو چەک و تەقەمەنیەی هەیەتی نەی توانیوە ئامانجەکەی بەدی بێنێت و وا پێدەچێت بۆ ماوەیەکی تریش شەڕەکە دەخایەنێت. ئەوە ئەگەر هیچ گۆرانکاری و شتی گتوپڕی شەڕ دەرنەکەون کە ببنە هۆی ڕۆخانی سەددام یانیش پاشەکشێی ئەمریکا.

ڕژێمی سەددام بەو دکتاتوریەت و شێوە بەرێوەبردنە توانیویەتی لە شەڕێکی نا بەرابەردا نەهێڵێ لەشکری ئەمریکا بگاتە بەغدا و سوورە لە سەر شەڕ و زیانێکی چاوەڕوانەکراوی لە لەشکری ئەمریکای داوە. سەربازەکانی سەدام بە چەکی ئاسایی شەڕ لە کەڵ لەشکری ئەمریکا دەکەن چونکە فڕۆکەو هێلیکۆپتەرەکانی سەدددام لە بەر هێزی ئاسمانی ئەمریکا لە کار کەوتوون و تانکەکانیشی ناتوانن بجوڵن لە بەر هەمان هۆ. تەکتیکی بەکارهێنراوەی سەددامە ئاڵۆزی خستوە پلانی لەشکری ئەمریکا نەک هێزە سەربازیەکەی و چەکەکەی. ڕاگەیاندنی سەددام و عەرەبی و ئیسلامیە توانی هەڵوێست و تێڕوانینی عێراقیەکان و عەرەبەکان بەرامبەر ئەو شەڕە بگۆڕێ و وا لە چەندین خەڵکی عێراق بکات بەرگری لە دکتاتورترین سەرۆک بکەن.

ئەگەر سەددام و لایەنگرانی بتوانن ئەمریکا و بریتانیا ماندوو بکەن و نەهێڵێ بەرەو ئامانجەکانیان بڕۆن، ئەوە کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەگەر خۆیان باش ئامادەبکەن و یەک هەڵوێست بن، دەتوانن لەشکری تورکیا ڕاوبنێن و بەرەنگاری ببنەوە. **چونکە شێوەی شەڕکردنە ئەنجامی شەڕ دەسنیشان دەکات نەک چەک و تەقەمەنی دوژمنەکەت و هێزی داگیرکەر.**

ئەمریکا بە ناوی ئازادی عێراق ئەم شەڕە بەرێوەدەبات بەرامبەر سەددامێکی خوێن ڕێژ. لە گەڵ ئەوەش خەڵکانێک هەن دڵسوزانە شەڕ بۆی بکەن و خۆیان بتەقێننەوە لەناو سەربازی ئەمریکادا، تەنیا لە بەر ئەوەی لەشکری ئەمریکا هاتووە سەر خاکی عێراق. هاتنی لەشکری تورکیا بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان، داگیرکردنێکی ڕوون و ئاشکراو بێگومانە، هەر لەبەر ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەستی نیشتیمان پەروەری و ئامادەیی گەل

بۆ قوربانی دان. خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان، باشترین بەڵگەن بۆ ئەو بووچۆنە. چونکە کێشەکەمان و هێزەکانمان جیاوازن لە سەددام و تاقمەکەی.

هەر لەبەر ئەوە ئەگەر سەرکردایەتی و پارت و رێکخراوەکانی باشووری کوردستان، پلانێکی باشی بەرەنکاربوونەوە دارێژن بەرامبەر هەر هێرشێکی داگیرکەران، دەتوانین سەرکەوین و دوژمن ناچار بکرێت رابکات.

نابێ لە بیری خۆمان ببەین کە جیهانگیری و گلوبالیزم جموجوڵی سەربازی داگیرکەرانی سنووردار کردوە و شەرکەران ناتوانن هەموو جۆرە چەکێک بەکار بێنن. یاساکانی شەڕ تا رادەیەکی باش دەبێ رەچاوبکرێن.

راگەیاندن رۆڵێکی باش دەگێرێ کە کورد دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێ، کەبەداخەوە تاوەکوو ئێستا کورد نەیتوانیوە بەشێوەیەکی کاریگەر بەکاری بێنێ.

کورد و هێزە کوردستانیەکان دەبێ بارودووخی ساڵی ١٩٨٨ لە بیری خۆیان ببەن و ئەو کات بەسەرچووە، هەر وەکوو چوون ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ئەمریکا وەک ساڵی ١٩٩١ نیە. گۆڕانکاریە جیهانیەکان دەبێ لە بەر چاومان بن کاتێ ستراتیجی تازە بۆ کوردستان دابڕێژین.

رۆداوەکانی تازەی جیهان ئاشکرایانکرد کەوا هێزی یەکگرتووی گەل و خەباتی هاوبەش و ملبەملی گەل و پێشمەرگە و ئامادەبوونیانە بۆ قوربانیدان، سەرکەوتن بە دەستەوە دێنێ نەک تکنولوجیا و چەکی مودێرن.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣